وەزارەتی داد

**بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٧) وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:

- گۆڕینی (هۆبەی بەدواداچوون) بۆ ( بەشی یاسا و بەدواداچوون) لە فەرمانگەی داواکاری گشتی سلێمانی .

ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بەفەرمانی ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (٢١٩/١/١) وە ئاماژە بەبڕیاری دادگای باڵای ئیتحادی ژمارە (٧٢/ اتحادیە/٢٠٢١ لە ٢٠٢١/١٠/٢٠) وە گواستنەوەی ئەنجومەنی دادوەری بۆ سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە لە دادگای گومرگی (هەولێر/ سلێمانی / دهۆک /گەرمیان).

١- گۆڕینی ناوی سەرۆکایەتی دادگا بۆ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دادگای گومرگ.

٢- گۆڕینی ناونیشانی بەڕێوەبەری کارگێری بۆ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دادگای گومرگی

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی بڕگە(٢) لە ماددەی (١٧) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارمان دا بە:

- کردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری زاخۆ) لە سەر میلاکی وەزارەتەکەمان بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ.

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی بڕگە(٢) لە ماددەی (١٧) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارمان دا بە:

- کردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی کۆمپانیاکانی زاخۆ) لە سەر میلاکی وەزارەتەکەمان بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**